سازدانی: شەماڵ

**لەم چاوپێکەوتنەدا مینەی حسامی یەکێك لەئەندامانی هەیئەتی هاوئاهەنگی ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە، باس لەکێشە دیارەکانی ناو کۆمەڵگای ئێرانو ئەو قەیرانانە دەکات، کە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووەتەوەو ئاماژە بەوەدەکات، هاوسەنگی هێز لەئێران، لەبەرژەوەندی خەڵك ڕوو لە گۆڕانە.**



**مینەی حسامی،**

**(ئەندامی هەیئەتی هاوئاهەنگی ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە)**

# "هاوسەنگی هێز لە ئێران لە بەرژەوەندی خەڵک ڕوو لە گۆڕانە"

**بەکورتی**

**محەمەد ئەمین حیسامی ناسراو بە(مینە حیسامی)**
**ساڵی ١٩٥١لەشاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە دنیا.**
**خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەبۆکان تەواو کردوە.**
**لەساڵی ١٩٧٤ بەشی کشتوکاڵی لەزانکۆی ورمێ تەواو کردوە.**
**لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەردەمی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێراندا دەگەڕێتەوە کوردستان و بەشداری لە شۆڕشدا دەکات**
**لەهاوینی ١٩٧٩ بەدواوە وەك ئەندامی کۆمەڵە لەڕێزەکانی ئەو تەشکیلاتەدا چالاك بووە.**
**ئێستاش یەکێك لەئەندامانی هەیئەتی هاوئاهەنگی ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیۆن)ە.**

**هاوڵاتی:** هەروەك ئاگادارن ماوەی زیاترلە هەشت مانگە کەشەقامەکانی شارە گەورەکانی ئێرانو بەتایبەت تاران بوونەتە مەیدانی ملە ملانێیەکی توندوتیژ لە نیوان دەسەڵاتو نەیارانیدا، ئێوە ئەم کەشو هەوایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مینەی حیسامی:** قەیرانێکی قوڵی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتی بەرینی خەڵك لە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، سیمای ئەماڕۆی کێشمەکێشو ململانێیە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران لەمابەینی دەسەڵاتو خەڵکدا بەڕوونی دەردەخەن. ئاشکراشە کە هەیئەتی حاکمەی ئێران، لەچارەسەرکردنی ئەو قەیرانە ناوخۆییەو وڵامدانەوە بە کۆمەڵێك کێشەو ناکۆکی دەرەکی، چ لە ئاستی ناوچەکەو چ لە بواری نێونەتەوەییدا داماو و عاجزە. ئەوەی کە دەبینین ڕێك بەشوێن ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو دژ بە تەقەلوبو ساختەکارییەکی ئاشکراو بەرین، کە لە هەڵبژاردنەکەدا کرابوو، دەستبەجێ حەرەکەتێکی جەماوەری ملیۆنی لە بەرامبەر ڕژیمو دامودەستگا سەرکوتگەرەکانیدا، شکڵ دەگرێ. ئەنجامی نەفرەتو بێزاری پەنگ خواردووی ئەو خەڵکەیە لەو ڕژێمە، کە سێ دەیەیە بەدەست زوڵمو زۆریەوە دەناڵنو عومقی ناڕەزایەتی ئەو خەڵکە نیشاندەدا. ئێستا زیاتر لە هەشت مانگە، ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە هەرجارەو بە بۆنەیەکەوە درێژەی هەیەو شەقامەکانی شارە گەورەکانو لە سەرووی هەموویانەوە تارانی پایتەختی ئێرانی هەژاندوەو دەسەڵاتی ڕژێمی شەق کردوە. ئەوەی بەشێك لە دەسەڵاتدارن خۆیان خزاندوتە ناو ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە، لە پیاوچاکی خۆیان نییە. لە لایەکەوە تەوژمو گوڕی بزوتنەوەکەیان هەست پێکردوەو لە لایەکیترەوە بەرژەوەندی مادیو پێگەو پلەوپایەی شەخسییان، لە نیزامدا سستو لاوازببوو. بۆیە لایەنی ئیسلاحخوازی (ریفۆرمخوازان) ئیمتحانی خۆی داوەو ئەوانیش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی وەگیان هاتو لە چنگ ئیستبدادو دیکتاتۆرییەتو سەرەرویی ڕژیم جێگای متمانە نین. ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕۆکی خۆیدا، بەردەوامیو درێژەی خەباتو تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە، بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە زۆر پێش لە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك لەساڵی ١٩٧٩لەدژی ئیستبدادو دیکتاتۆری دەستی پێکردبوو. ئەو جووڵانەوە جەماوەرییە دەنگی ناڕەزایی خەڵکی ستەملێکراوی ئێرانە، لە بەرامبەر کاربەدەستانی ستەمکاریو ردو قەوی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە درێژایی سیو یەك ساڵ تەمەنی ئەو ڕژیمە، بەردەوام لەلایەن نوێنەرانو کاربەدەستانی سەربازیو ئەمنییەتیو قەزایی ئەو ڕژیمەوە سەرکوت کراون. سیو یەك ساڵ لەمەوبەر، خەڵك بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشو بۆ پێکهێنانی ژیانێکی باشترو بەختەوەری بۆ هەموان شۆڕشێکی جەماوەری گەورەیان بەرپاکردو لەپێناویدا قوربانییاندا. کەچی ژمارەیەك سەرمایەدارو ئاخوندی سوود پەرستی پارێزەری ڕژیمی ستەمو چەوسانەوە، بە کەڵك وەرگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی خەڵك، سواری شەپۆلەکانی ئەو شۆڕشە جەماوەرییە بوونو بەرهەمی ڕەنجو خوێنو فیداکاری ئەو خەڵکەیان بە تاڵان بردو مافە سیاسیو ئابوریو ئینسانیو کۆمەڵایەتییەکانی کرێکارانو زەحمەتکێشانو ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی تینوی ئازادی سیاسیو عەدالەتی کۆمەڵایەتییان بە تەواوی زەوت کرد. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم، ئەم بزوتنەوەیە دەنگی ناڕەزایەتی کۆمەڵانی چەوساوەی ئێرانە دژ بە تەبعیزو هەڵاواردن، بە نەبوونی ئازادیو دیموکراسی، بە پێشێلکردنی هەر ڕۆژەی مافی مرۆڤ، بەهەبوونی کەشی خەفەقانو گرتنو ئەشکەنجەو بێسەروشوین کردنو کوشتنی ئینسانەکان بە هۆکاری جیاوازی بیروبۆچونو نەتەوەو مەزهەب. دەنگی ناڕەزایەتی ژنانە بە یاسای چەن ژنە، بە بەسوك زانینو بە بەچاوی سووك تەماشا کردنیان، بە یاسای دژی ئینسانی بەردبارانو کوشتوبڕ، بەنیوەی پیاو بەئەژمارهێنانیان لە ئیرسو میراتو بە بەئەژمارنەهێنانیان بۆسەرپەرشتی منداڵی خۆیان. بە حیجابی زۆرەملێو بەو هەموو بێ مافیو هەڵاواردنو توندوتیژییەی کە دەرحەق بەوان لەو هەموو ساڵانەداکراوە. دەنگی ئیعترازو ناڕەزایی کرێکارانو ڕەنجدەرانە بەستەمو چەوسانەوەو حەقکوژییەك، کە ڕژیم لە ڕێگەی

قانونی کاری دژی ئینسانی پەسند کراوی بە سەریدا سەپاندون.

ئەم ناڕەزایەتییانە، لەماوەی هەشت مانگی رابردودا هەر هاتووەو پەرەی سەندوە. دروشمەکانی لەدژی دیکتاتۆریو ئیستبدادو یاسای بنەڕەتی پەسندکراوی ئەو رژێمە، بەشێوەیەکی گشتی لەدژی مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی چاتربووەتەوە، بە جۆرێك کە دەتوانم بڵێم، تەوازونی هێز لە نێوان خەڵكو دەسەڵاتداراندا، بەقازانجی خەڵك روو لە گۆڕانە. ئەڵبەت هێزە ئەمنیو ئینتزامیە سەرکوتگەرەکانی رژێم، بو سەرکوتکردنو لەباربردنی ئەم بزووتنەویە، هەروەك لە سیویەك ساڵی رابردووشدا بەکردەوە نیشانیانداوە، لەهیچ تاوانێك دەستیان نەپاراستوە. سەرەڕای ئەو وەزعەش خەڵك کۆڵیان نەداوە و لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو پاشەکشەکردن بە رژێمو نزیکبوونەوەی هەنگاو بە هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیانو لەگەڵ ئەوەشدا، گەیاندنی دەنگی خۆیان بەکۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەو جیهانیان سودیان وەرگرتوە.

**هاوڵاتی:** ئایا ئێستا ئەوەی کە شەڕی چەکداری کەم رەنگە هۆکاری بۆچی دەگەڕێتەوە، یان ئایا بەڕای ئێوە، خەباتی چەکداری هەمان شکڵو شێوازی جاران دێتە ئەژمار، یان بەشێوەیەکی تر بەردەوام دەبێت؟

**مینەی حیسامی:** خەباتی پێشمەرگانەلەدژی هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ کۆمەڵەو بۆباقی هێزە سیاسییەکانی ئەو کاتی کوردستانی ئێران، بریتی بووە لە بەرگریکردن لە خۆ و رێکخستنی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی هەمە لایەنەی هێزەکانی رژێم. ئەوچەشنە موقاوەمەتو بەرگریکردنەش، واتە خەباتی پێشمەرگانە مێژووی خۆی هەیەو بەرگرییەکی رەوایە. مافی رەوای خەڵکی کوردستانە، بۆ پاراستنی ئازادیو سەلماندنی مافی ئینسانیو نەتەوەیی خۆی وەك نەتەوەیەکی ستەملێکراو بۆ بەدەست هێنانی مافی زەوتکراوی واتە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی لە فەزایەکی بەتەواوی دیموکراتیکدا، خۆی رێکبخاو چالاکی بنوێنێو بۆ ناساندنو سەلماندنی حەقانیەتی داواکاریە رەواکانی خۆی بە باقی گەلانی ئێرانو جیهان، بەشێوازێکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی سەردەم، تێکۆشانی خۆی بەرێتە پێش. شێوازی خەباتی پێشمەرگانە لە کوردستانی ئێران بە دوای راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو روخانی ڕژێمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو بە شوێن فەتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستانو لە بەرامبەر هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان، بۆ خۆڕاگریو بەرپەرچدانەوەی هێرشی چەکدارانەو ستەمکارانەی رژێم، بەکارهێنرا. خەباتی پێشمەرگانە لە دژی رژێمێك کە لە رێگای توندوتیژیو داپلۆسینەوە بەگژ خەڵکدا دەچێتەوە رێگایەکە، کە خەڵکی کوردستان لە قوناغێکی دیاریکراودا هەڵیان بژارد، بەڵام نەك بەویستو ئارەزووی خۆیان، بەڵکو بەسەریاندا سەپا. ئەم شێوەیە لە خەبات یەکێك لە شێوازەکانەو رەنگە بۆ هەموو سەردەمێك گونجاو نەبێ. هەروەك لە سەرەوەش باسمکرد، ئێستاکە بزووتنەوەی جەماوەری تارانی پێتەختی هەژاندوەو ئەو شێوازە لە خەبات، واتە خۆپێشاندانی ئیعترازی جەماوەر، مەقبولییەتێکی هەمەلایەنەی لە سەرانسەری ئێران بەدەستهێناوە. مێژووش بە رۆشنی پیشانیداوە، هەرکات هێزی بەرینو لەبن نەهاتوی کۆمەڵانی راپەڕیوی خەڵك هاتووەتە مەیدان، هیچ رژێمێك هەرچەن بە هەموو جۆرە چەكو کەرەسەی سەربازی پێشکەوتەش تەیاربیت، لە بەرامبەر هێزی خەڵکدا دەوامی نەهێناوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە؛ هەلومەرجی ئێستا بە باوای من، بۆ چالاکی پێشمەرگانە لەبارو گونجاو نییەو لەوانەیە ئەو جۆرە چالاکییە بیانوو بداتە دەست هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێمو ببێتە هۆی سەرەڕۆیی زۆرتروسەرکوتی بێسنورو ڕەش بگیری زورو زەبەند. هەروەها لەوانەشە خەڵك لە چاوەڕوانیدا رابگرێو ئەو تەوهەومە پێکبێنێ کە هێزێکی ڕزگارکەر هەیەو ئەویش هێزی پێشمەرگەیە و پێویست ناکات خەڵك خۆی بڕژێتە سەرشەقامو دەنگی ناڕەزاییو ئیعترازی خۆی هەڵبڕێو بەهێزی یەکگرتووی خۆی کۆتایی بە تەمەنی رژێمو دامو دەزگای سەرکوتی بهێنێ.

**هاوڵاتی:** وەك چۆن لە سەرەوە ئاماژەتان پێکرد، بزووتنەوەیەك لە ئێران لەئارادایە، کە خەبات دەکات بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسیو ئازادیو ڕەهابوون لەدیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقی، ڕۆڵی چەپ لەم بزووتنەوەیەدا چۆن دەبینی؟

**مینەی حیسامی:** ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییەی زیاتر لە هەشت مانگە گەرووی رژێمی گرتووە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، گەلێك داخوازی رەواو عادڵانەی خستووەتە رووو خەریکە خەباتی بۆ دەکاتو گەلێك لایەنو گرووپی جیاوازو هەر کام بەویستو ئارەزوییەکەوە تێیدا بەشدارن. ویستی ئازادیو دیموکراسیو رەهابوون لە چنگی دیکتاتوریو ئیستبداد بووەتە داخوازییەکی میحوەریو هەموو لایەنەکانی بەشدار لەبزوتنەوەکە، بەشی خۆیانی تێدادەدۆزنەوە. بەڵام لە سەر رۆڵی چەپ لەو بزووتنەوەیەدا، بە داخەوە هێزی چەپی ئێرانی یەکدەنگو یەکگرتوو نییەو لەبەرچەند بەرەیەکی ناوخۆی، نەپەرژاوەتە سەرئەوەی فکرێك بۆ هاتنەدەر لەو پرژوبڵاوییە بکاتەوەو بتوانێ رێگای یەکگرتنو گوتاری هاوبەش، بۆ کاریگەری دانان لە سەر رەوتی رووداوەکان بگرێتە بەر. ناشبیندرێ کە لەوماوەیەدا هەوڵێکی سەرکەوتوو بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە لە ئارادابێت. بەڵام، سەرەڕای هەر هەلومەرجێك کە چەپ هەیەتی، ئێران کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییەو چینی کرێکارو زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە بێبەشترین چینو توێژی کۆمەڵگاکە بە ئەژماردێن. وە سەرەڕای ناکۆکیو ناڕێکیو نائامادەیی هێزە چەپەکان بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە، کرێکارانو زەحمەتکێشان، لە چاوەڕوانی ئەوەدا نەوەستاونو ماتڵی ئەوەنین چەپ چ پرۆژەیەكو چ ریگا چارەسەرێك پێشاندەدات. ئەوان نەمانی ئیستبدادو دیکتاتۆریو هەبوونی ئازادیو دیموکراسی بە قازانجی خۆیان دەزانـنو دەشزانن کە، لە فەزایەکی ئازادو دیموکراتیکدا، خەبات بۆ رێکخراوبوونی خۆیانو پێکهێنانی سەندیکاو بەدەستهێنانی هەرچەشنە داخوازییەکی چینایەتیو سیاسی خۆیان باشتر بە سەرئەنجام دەگەیەنن.